لیستە عەرەبەکانی کەرکوک هاوپەیمانی پێکدەهێنن

سێ لیستە عەرەبییەکەی پارێزگای کەرکوک کە بریتین لە لیستی هاوپەیمانی عەرەبی و هاوپەیمانی قیادە و هاوپەیمانی عروبە فراکسیۆنەکی هاوبەشیان بە ناوی فراکسیۆنی عەرەبی پارێزگای کەرکوک پێکهێنا. ڕاکان جبوری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک لە پەیامێکی ڤیدیۆیدا ڕایگەیاند، هەوڵی هەمو لایەنەکان لە سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەرزدەنرخێنن.

ئاماژەی بەوەشکردوە، وەک کاندیدە براوەکان لە هاوپەیمانی عەرەبی و هاوپەیمانی قیادە و هاوپەیمانی عروبە فراکسیۆنەکی هاوبەش بە ناوی فراکسیۆنی عەرەبی لە پارێزگای کەرکوک ڕادەگەیەنن.

ئەوشی خستوتەڕو، پێکهێنانی ئەو لیستەش لە پێناو پاراستنی شایستە و مافەکانی دێنگدەرانیان و دروستکردنی ئاشتی و ئاسایشن لە نێوان هەمو پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکوک.